# دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد سیاسەتیکی دژی ئینسانییە و مەحکومە !

دۆینی 5–9 کاتژمیر 9 سەرلەبەیانی حکومەتی تۆنی بلیر لەریگای گارەدەکانی گرتووخانەی دەستبەسەری (کۆلّن بۆرك) وە 34 کەس لەپەنابەرانی کورد، کە تا ئەو کاتە لەژووری ئینفیرادی دا راگیرابوون، دوای ئیهانەو سوکایەتی پیکردنیان بەبەرگی خەوەوە وبەزەبرو زۆری زیاتر لە 10 پۆلیسی گرتوخانەکە وبەبێ ئەوەی فورمی گەرانەوە ئیمزا بکەن، راپێچیان دەکەن و وەك ئەوەی تیرۆریستانیکی ئەلقاعدە وتاوانبارانی حەربیان دەستگیر کردبێ، لەدەوربەری شاری ئۆکسفۆرد  بە کەلەپچەکراوی و سورای فرۆکەی جەنگیان دەکەن و بەرەو  فرۆکەخانەی هەولێر دیپۆرتیان دەکەنەوە.

ئەم هەنگاوەی حکومەتی بریتانیا لەدریژەی سیاسەتێکدایە کەتۆنی بلیر بەناوی "پاراستنی خەڵکی بریتانیا لەهەرەشەی تیرۆر"، لەماوەی چەند مانگی رابردوودا بەدژی پەنابەران ومافی پەنابەریتی لەم وولاتەدا، دەستی بۆبردووە. سیاسەتیك کەبەئاشکرا مەسەلەی پەنابەریانی کردۆتە زەخیرەی دەستی راستی کۆمەڵگای بریتانیاو حزبەکانیان. ئەمەلەکاتیکدایە کە گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران نەك هەر پیچەوانەی هەبوونی دیموکراسی و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤە کەدەولەتی بەریتانیا پەیوەست بوونی خۆی پیوە راگەیاندووە، بەڵکو راستەوخۆ سیاسەتیکی راسیستی ودژی ئینسانییە لەبەرامبەر ژیانی هەموو ئەو ئینسانانەدایە کەلەدەست جەنگ و کوشتارو سەرکوت و نائەمنی بیٚ مافی  و کاولکاری هەڵهاتوون.

توونی بلیر و حکومەتەکەی بەهاوکاری لەگەل ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەماوەی چەند سالی رابردوودا، کۆمەلگایان تیك وپیکداو بەهەزاران ئینسانیان لەعیراق (بەکوردستانیشەوە) کردۆتە قوربانی سیاسەتەکانی خۆیان و هەزارانی تریشیان ئاوارە و دەربەدەری وولاتانکردوە. تیرۆریزم وجەنگی تایفی و مەزهەبی و بیٚ یاسای کوشتنو رفاندن و ئینسان سەربرین بەرهەمی لەشکرکیشی وسیاسەتی شەرخوازانەو داگیراکاری ئەمریکاو هاوپەمانەکانیتی کە حکومەتەکەی تۆنی بلیر لەریزی پیشەوەیاندا راوەستاوە. .. ئیستاش بەدوای ئەو هەموو کارەسات و مالویرانیانەی بەسەر خەلکی عیراقیاندا هیناوە، خەریکن لیرەش پەنابەرانیك دەنیرنەوە بۆنیو ئەوجەهەنمەی کەخۆیان پیکیان هیناوە. ئەمە ئیتر سیاسەتێکی بەتەواوی دژی ئینسانی وراسیستانەیە.  ناچارکردنی پەنابەران بەگەرانەوە و لەژیر فشارو بەفرۆکەی جەنگی و بەکەلەپچەکراوی، جگەلەوەی ئیهانەیەکی ئاشکرایە بەخەڵکی کورد وعیراقی کەهانایان بۆئەو وولاتە هیناوە، هاوکات ناچارکردنی بەزۆری خەلکی عیراق و تەواوی دنیایە بەقبول کردنی بارودۆخێکی ناهەموار کەئیستا لەعیراق و کوردستاندا دریژەی هەیە.

ئەگەر سەرێکی  بەرێوەچوونی ئەم سیاسەتە راسیستی ودژی ئینسانیيەیە حکومەتەکەی تونی بلیرە. لایەکی‌تری رۆلی سات وسەودا وهاوکاریيەکە، کە دەسەلاتدارانی کوردستان لەم نیوەدا بۆدیپۆرتی پەنابەرانی کورد دەستیان خستۆتە نیودەستی ئەم حکومەتانە وە. ئەحزابی حاکم لەکوردستان هەروەك چۆن لەناوەوە ئاو کارەبا لەخەڵك دەبرن و ئەگەریش نارەزایەتیانکرد دەست دەبەن بۆ گرتن وتەقەکردن لەخۆپشاندەران ئاواش لەدەرەوە خەریکن مامەلە بەئازادی و مافی نیشتەجیٚ بوونی پەنابەرانی کوردەوە دەکەن و ناهێڵن ژیانێکی ئارام بەرنەسەر و بەئاسودەی بژین. پیشوازی کردن لەنیونەرانی حکومەتی بەریتانیا بۆدیپۆرتی پەنابەران و لەئختیاردانانی فرۆکەخانەو ئیدارەکانیان تا ئەم سیاسەتە بەریوەبچیت، هاوکات بیدەنگە کردن و نەبوونی هەڵویستیکی پیچەوانەی بەکردەوە لەدژی دیپۆرتی پەنابەران، نیشانەیەکی ئاشکرای رۆلی هاوکاری  حکومەتی بەریتانیایە بۆچونەسەری دیپۆرتی پەنابەران. ئەمەلەکاتیکدایە کەئەم پەنابەرانە ئەو ئیسانانەن کەبەدوای گرتنی ریگای هاتو نەهات و مەرگ وبرسیتی وکەوتن بەسەر حەقلی ئەلغام و اهانەی پولیسی سنوریەکان، لەدەست بارودۆخی نائرامی و جەنگ و سەرگەردانی هەلهاتون و ناچاربوون ولاتی خۆیان بەجی بهیلن.

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەتەوای دیپۆرتی پەنابەران مەحکوم وئیدانەدەکات. فیدراسیۆن کەلەسەنگەری پێشەوەی بەرگری لەخواستە ئینسانی یەکانی پەنابەراندا راوەستاوە بەتەواوی توانایەوە لەراستای پۆچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتەدا تیدەکۆشیت. هاوکات داوادەکات لەسەرجەم خەلکی ئازادیخواز و ریکخراوە ئینسانی و پەنابەریيەکان، ئەم سیاسەتەی دەولەتی  بەریتانیا محکوم بکەن و فشار بینن بۆ راوەستان وگیرانەوەی دەستبەجیی دیپۆرتکراوەکان.

لەناوخۆی کوردستانیش فیدراسیۆن بانگەوازی خەلکی نارازی کوردستان دەکات تابەشیوەی گونجاوی خۆیان لەبەرامبەر هەرجۆرە هاوکاری و کارگێری کردنیکی دەسەلاتداران رابوەستنەوە، بەتایبەتی کەسو کاری پەنابەران دەتوانن بەبەری‌خستنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین بۆبەردەم ئۆفیسەکانی (UN,IOM) لەشارەکانی هەولیر وسلیمانی پشتیوانی گەورەی جەماوەری بۆ خەباتی پەنابەران لەبەرامبەر سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەدا بهیننە مەیدانەوە.

با بەهەمووان ریگە نەدەین دەلالی بەژیانی پەنابەرانەوە بکریتو دیپۆرتی پەنابەران دەستبەجیٚ راگیریٚ.

سەرکەویٚ خەباتی پەنابەران لەپێناو مافی پەنابەری و نیشتەجیٚ بوون

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2006-9-6

tel:00447856032991